# سەيرم مەكە

**كاوەی خەسرەو كاوانی**

**سەيرم مەكە**
**نيگا ئاوارەكانی خۆت**
**هێندە مەخەرە نێو نيگای**
**تێنووەتی نێو حەزی تێنووم**
**با لەناخ دا نەتوێمەوە**
**چاوت داخە**
**گەردای ناخەی**
**واخۆم دايە دەستی حەزو...**
**فەرشی دڵم بۆ عيشقی خۆت**
**لەژێر پێ يەكانت راخە.**

★ ★ ★

**چ حەژمەتێ**
**لە تێنووەتی ئەو حەزانەی**
**بە فەريكی لەدايك دەبن**
**لە چوارچێوەی ژينا زيندووون**
**كاريگەروبەهێزترە**
**تۆ بڵێ ی كامە فێنكی**
**لە سووتانی پڕ لەسۆزی**
**نێونيگای تۆ بە پێزترە .**